ڕۆشید نیگەرانی خۆی دەربارەی ئۆپەراسیۆنی شاری حەلەبی سوریای دەربڕی



د.لەتیف جەمال ڕۆشید سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ پێنجشەممە دەربارەی هێرشەکانی شاری حەلەب ووتی بە نیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری ئۆپەراسیۆنی شاری حەلەبی سوریای دراوسێی دەکەین

لە بەیاننامەیەکی سەرۆک کۆماردا سەبارەت بە هێرشەکانی حەلەب، کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەفەق کۆتووە، هاتووە: داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین دانبەخۆیاندا بگرن و بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکان بکەن و خۆیان لە تیرۆریزمی بەدوور بگرن و کار بۆ وەستاندنی ئۆپەراسیۆنە بکەن کە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نییە و پشتیوانی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بۆ چارەسەری ئاشتیانە کە بنەماکانی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی یەکتر پتەوتر بکات و جێخت لەوە دەکەینەوە کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی سوریا تەواوکەری یەکترن و دەبێت ئاشتی و دیالۆگ تاکە بژاردەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەم دۆخە قەیرانەدا کە تێیدا هاوڵاتیی مەدەنی و ژن و منداڵ دەبنە قوربانی.

ئەمە پشتگیری هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کە ئامانجیان کۆمکردنەوەی گرژییەکان و بەدەستهێنانی ئاشتی

و سەقامگیریی هەمیشەیی لە ناوچەکە.